کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:09 6-10-2007

## گۆڤاری هەرێمی کوردستان، تێپەڕان لە تەقلیدیەت ... چنار کەمال

ماوەیەکە لە ڕێی ئینتەرنێتەوە گۆڤاری هەرێمی کوردستان بەسەر دەکەمەوە، کە هەفتانە بەشێوازێکی نا تەقلیدی لەلایەن وەزارەتی ڕۆرشنبیرییەوە دەردەچێت، ئەوەندەش کە من درکم پی کردبێت ئەم گۆڤارە مایەی بایەخ پێدانی نووسەرو ڕۆشنبیرو هونەرمەندانی کوردستانە چونکە باشترین قەڵەمەکانی کوردستان بە بی جیاوازی ڕەنگ و ناوچە گەرییەتی لەو گۆڤارەدا حزووریان هەیە، بۆیە من واتی دەگەم کە هەرێمی کوردستان لە پێشەنگی ئەو گۆڤارانەیە کە توانیویەتی جۆرێك لە یەکسانی دروست بکات لە نێو حزبەکاندا، بۆ ئەوەی ببێت بە دەنگی هەر هەمووان، ئەمەش هاوکوفە لەگەڵ ناسنامەو ئارمانجی ڕاستەقینەی گۆڤارەکە کە گۆڤاری حکومەتی هەرێمی کوردستانەو گوزارشت لە بیرو بۆچوون و هزری هەر هەمووان دەکات.

یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو پێشکەوتنە نسبیەی لە گۆڤارەکەدا دەبیندرێت ئەوەیە کە گۆڤارەکە لەلایەن کەسانێکی پسپۆر لە بواری ڕۆژنامە نووسییەوە دەردەچێت و وەك هەندی گۆڤار نیە کە لە لایەن کەسانێکەوە کە پەیوەندییەکیان بە ڕۆژنامە نووسییەوە نیەو وەك هەر فەرمانگەیەك لە فەرمانگەکانی حکومەت مودیرێکی سیاسیان بە واسیتە بۆ دانابێت و لە گۆڤارە ژێر دەستەکەی خۆیدا ئەو کەسانە ڕازی بکات کە بە نامۆیی و ناوازەیی دایانناون و بەردەوام وێنەکانیان بە پۆزو لاترقەوچییەوە بڵاو دەکەنەوە، ئیدی ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی گۆڤارەکانیان لە سەر شەقامەکان تۆزیان لە سەر هەڵبنیشی وکەسێك عانەیەکی سوتاویان پی نەدات.

ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت لە سیاسەتدا هەمیشە دەرشێینەوە، چونکە لە سەرچاوەی بڕیارەکان بەدوورین، لە لایەکی دیکەوە لەو گۆڤارۆکانە کە سەر بەم لایەن و بەم لایەنن ئازادی تەواومان نیە بۆ دەربڕینی ڕای تایبەت بە خۆمان، بەڵکو بەو ڕەوتە دەنووسین کە حزبەکانمان لێمانیان دەوی، کەواتە پێش ئەوەی بچینە سەنگەری خەڵکی خۆمان دەدەینە پاڵ سەنگەری حزب، زۆر جاران ئەو شتانە دەنووسین کەلە گەڵ بیروڕای تایبەتی خۆماندا کۆك نین، ئەگەر خۆشمان هەڵ نەخەڵەتێنین، ئاگامان لەوە هەیە چەند سایت داخراون لە سەر بیرو ڕای ئازادو چەند سەر نووسەریش فنیش کراون، ئەمە واقیعی ڕاستەقینەی ئێمەیەو ناتوانین تەنها بە قسە لە پێستی ئەو واقیعە تازەیەی خۆمان دەرچین و لاف و گزاف بە دیموکراسیەت و ئازادی ڕا دەربڕین للی بدەین لە میدیا حزبیەکاندا.

کەواتە ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی لە ڕەحمی ئەو واقیعەدا لە دایك دەبن، ناتوانن تێنوویەتی خەڵکی وەك پێویست بشکێنن، کە دەسەڵاتی تێنوویەتی شکانیشیان نەبوو بازاڕیان نابی و لە نێو ئەو جەنجاڵەی بازاڕی ڕۆژنامە گەرییەی ئەمڕۆ هەیە هەتا ڕۆژنامە ئەهلیەکان هەبن، کەمتر خەڵکی ئاوڕ لەو میدیا حزبیانە دەداتەوە، بۆیە با کەس ئەو واقیعەی لە بەر دڵدا گران نەبێت کە بۆتە ئەمری واقیع و بە من و تۆ ناگۆڕێت.

کەواتە ئەوەیە هۆکاری جودایی گۆڤاری هەرێمی کوردستان لە گەڵ گۆڤارەکانی تر، لە ڕووی گەرمی بازاڕو هەڵقۆزتنەوەی لە بازاڕەکانی کوردستاندا بەگشتی، کە دەکرێت مەنهەجیەتی ئەو گۆڤارە لە سەر زۆر لە چاپکراوەکانی خۆمان بچەسپێنین ئەگەر بمانەوێت خوێنەرمان هەبێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.